### خانەقین نوقمی زیادەڕۆیی بووە

# قائیمقامی خانەقین: ئەگەر خانووی زیادەڕۆیی بەرپرسەکانمان پێ نەڕووخێت ، ئەوە خانووی زیادەڕۆیی خەڵکی هەژاریش ناڕووخێنین



خانەقین:کاوە گەرمیانی،کاروان ئەحمەد

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە زیادەڕۆیی لە شارۆچکەی خانەقین ڕووی لە زیادبوون کردوو،ئێستاش ئەم زیادەڕۆییە گەیشتۆتە لوتکە،هەرچەندە هاوڵاتییان دەزانن دروستکردنی خانوو بە شێوەیەکی نایاسایی کارێکی باش نییە،بەڵام وەك هاووڵاتییەك گوتی"چیبکەم زەویم نییە،سەرچاوەیەکی بەرپرسیش لە شارۆچکەکە هۆکاری زۆربوونی زیادەڕۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشنەکردنی زەوی لە ماوەی (٣٦) ساڵی فەرمانڕەوایی بەعسییەکان.

ناسیح فواد لە شارۆچکەی خانەقین،سکاڵای خۆی دەربڕی و گوتی"ئێمە ناچارین زەوی داگیر بکەین،چونکە پۆلیس ڕێگە نادات خانوو دروست بکەین،هاوکات ئەوەشی وت"کە حکومەت ڕێگرە لە بەردەم بەڕێوەچوونێکی یاساییانەی کارەکان و گوتیشی"ئەگەر زەوی دابەش بکرێت ئەوا کێشەکە بەم شێوەیەی ئێستا نابێت".

ئەسمەر فاروق ژنیماڵەوەیە و خاوەنی هەشت سەر خێزانە،لە دەستپێکی قسەکانیدا بە ڕاشکاوی باسی لەوەکرد کە چەند مانگێگ لە مەوبەر لە خانووی کرێدا ژیانیان دەگوزەراند،بەڵام بە هۆی گرانبوونی کرێی خانوو لە شارۆچکەکە ناچاربوون خانوو بە شێوەیەکی نایاسایی دروست بکەن،هەر لەمبارەیەشەوە گوتی"لە بەر کەمدەرامەتیمان نەماندەتوانی کرێی خانووەکە بدەین"،هەروەها گوتیشی"من ئەزانم ئەم خانووە نایاساییەو زیادەڕۆییمان لەسەر ئەم زەوییە کردووە،بەڵام چیبکەم زەویم نییە"ئەو باسیشی لەوەکرد کەوا پۆلیسی شارەکە ئەو کەسانە دەستگیر دەکەن کە بە نایاسایی خانوو دروست دەکەن،هاوکات داواشی لە شارەوانی خانەقین کرد کە چارەسەرێکی بە پەلەیان بۆ بکات و زەویان بە سەردا دابەش بکات.

ئەکبەر جەمال یەکێکە لەوانەی کە زیادەڕۆییان کردۆتە سەر زەوی شارەوانی،ئەوەی نەشاردەوە کە بە هۆی خراپی باری ئابووری و کەمی دەستکەوتی مانگانەی، خانووی ناسایی دروست کردووە،لە مبارەیەشەوە گوتی"پێشتر ماڵم لە فەلوجە بوو،کە گەڕامەوە نەمدەتوانی کرێی خانوو دابین بکەم"،هەروەها گوتیشی"هەر کاتێك پارەم دەستکەوێ خانوو دەکڕم و ئەم شوێنەم کە زەوی حکومەتە بەجێدەهێڵم".ئەکبەر داوای لە حکومەت و بەرپرسانی شارەوانی خانەقین کرد زەوی بەسەر هەژاران دابەشبکات.

ئەحمەد عەبدول کە زیاد لە دووساڵە لە خانووی زیادە ڕۆییدایە،گوتی"مانگی (٢٠٠)هەزارم دەدا بە کرێی خانوو،کە ئەم پارەیەشم بە کرێکاری پەیدا دەکرد،هەرچەندە خاوەنی شەش سەر خێزانم،بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر کرێی خانوو بدەم بە ناچاری خانووم بە زیاردەڕۆیی دروست کرد"،لە کۆتایی قسەکانیشیدا گوتی"زۆر مەمنونی حکومەتم،چونکە دەزانن هەژارم و خانووەکەم ناڕوخێنن".

سەبارەت بە دیاردەی زیادەڕەویی سەرۆکی شارەوانی خانەقین (سۆران عەلی) بە ڕێگای کوردستانی ڕاگەیاند" زیادەڕویی دیاردەیەکی ناشیرین و ناشارستانییە ، لە قەزاکەدا دەکرێت و ئێمەیش لێپرسینەوەی خۆمانمان کردووە ،ئێستا لیژنەیەکمان داناوە لە چەند ڕۆژی تر لیژنەکان دەستبەکار دەبن ،کە هەرکەسێك زیادەڕۆیی کردبێت ،دەیڕووخێنین، هەرگیز چاوپۆشیم نەکردووە ،زۆربەی ئەوانەی زیادەڕییان کردوە بەرپرسن ،گوتیشی"زەوی بۆ دابەشکردن هەیە ،بەڵام بە فەرمانی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ڕاگیراوە ،ئەگەر ڕێگەمانپێبدرێت دەتوانین بۆ ماوەی دوو هەفتە نەخشە بکێشین و دابەشی بکەین.

سەرچاوەیەکی بەرپرسیش لە شارۆچکەی خانەقین ئەوەی ڕاگەیاند"لە ماوەی (٣٦) ساڵی حکومڕانی حزبی بەعس،یەك پارچە زەوی لە شاری خانەقین دابەشنەکراوە،تەنانەت ڕێگا بە هاووڵاتییانیش نەدراوە خانووەکانیشیان نۆژەنبکەنەوە ،سەرچاوەکە ئەمەی بە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی خانووی نایاسایی لە قەڵەمدا ،سەرچاوەکە گوتیشی"خەڵکی بەرپرس زیادەڕۆییان کردووە ،بەڵام گفتۆگۆمان لە گەڵ قائیمقامی شاری خانەقین کردووە و پێی ڕاگەیاندووین کە ئەگەر نەتوانین خانووی نایاسایی بەرپرسەکان بڕووخێنێن ،ئەوا ئامادە نییە زیادەڕیی خەڵکی هەژار و کەمدارامەتیش بڕووخێنێت".

## ژێر بە تا گۆڵت لێنەکرێت

مام واحید

زۆرجاران بەپێوەرێکی هەڵە دوور لەراستی بەبۆچوونێکی دوور لەژیرانە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانمان دەپێورێن.بەراوردێك لەنێوان قازانج و زیانەکانی ئاسایشی نەتەوایەتیمان لەژێر کاریگەری بەهاپیرۆزەکان بەدوای سۆزو عاتیفەی بیری تەسکی ناژیرانەی کە بەزۆر چەسپاو بەسەر نەتەوەی کورد خزمەتکردن بەزندوو ڕاگرتنی کەلەپوری نەتەوە باڵا دەستەکان کەهەمیشە کار بۆ کاڵ کردنەوەی کەلەپورو بەها پیرۆزەکانی نەتەوەیمان دەکەن هزری تاکی کوردی ناشیرین و قێزەون وێنا بکەن، کار بۆ کاڵ کردنەوەی دەکەن لەهزری گەنج و لاو بەتایبەتی نێو جەوانان نەیارانی گەلەکەمان زۆر ژیرانە نەخشە بۆ کارە نەگریسەکان دەکێشن گورگ ئاساقەت لەلای بای پەلاماری (ران) نابا هەندەجاران پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان و بۆنە ئاینیەکان دەکەنە مینبەری مەرامە چەپەڵەکانیان، گەڕان بەدوای کەسانێ کە بەئاسانی مەرامەکانیان بۆ مەیسەر بکات لەرێی پێگەی کەسایەتیان لەناو کۆمەڵگای کوردەواری بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کەلەژێرەوە ڕێکی دەخەن و تێچوو خەرجییەکانی بۆ دابین دەکرێت بۆ دژایەتی کردنی کەسانی نیشتمان پەروەرو خاوەن مێژوو ناو زڕانیان بەبیانووی جۆراوجۆر، گەران بەدوای ژینگەیەکی تەم و مژاوی کە زیاتر گونجاوە بۆ چەکەرەکردنی ڕووەکە دڕکەکانیان لەکێڵگەی هزری کەسانی نا شارەزاو ساویلکە، ئەوانەی وەڵامی (نەخێر) لەهەگبەیان شك نابەن گشت بەراوردێکیان لاتاوانە چاویلکەی پێوەری نەتەوەییان کزەو بەهەڵە پێوانەی دەکەن.

## ژەمە خواردنێك بۆ قوتابیان

محەمەد کانەبی کەریم

گومانی تیانییە گەر بەیانیان بڕوانینە جوڵەو هەڵسوکەوتی قوتابیان، دەبینین زۆر بەجوولەیەو هەڵستان و دانیشتنی خێرایە، ئەم جوولەو خێراییەی قوتابیان تاوەکو وانەی سێیەمی دەخایەنێ، بەڵام پاش وانەی سێیەم هەست بەخاووبوونەوەو سستی هەڵسوکەوتی دەکەین، ئەگەر بێتو ئەو قوتابیە ژەمی بەیانی خواردبێت، ڕەنگە زۆر هەبێت لەقوتابیان، بەهۆی دواکەوتنی لەخوێندن یاخود درەنگ هەڵسانی لەخەو بەرێك و پێکی ژەمە خواردنی بەیانی نەخوات بۆیە زوو هەست بەبرسێتی دەکات، هەر قوتابیەك هەستی بە برسێتی کرد لە پۆل ناتوانێت وەکو پێوست زانیاری مامۆستا وەربگرێت، قوتابی لەوانەکە بێزار دەبێت و خەوالو دەبێت، بێ هێز دەبێت بەهۆی کەمی (ووزە) لەلەشی، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگای وەزارەتی پەروەردە پڕۆژ ەی دابینکردنی ژەمە خواردنی قوتابیان سەر لەنوێوە دابین بکات، بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، چونکە سوودی یەکجار زۆرە بۆ قوتابیان پێویستە لەلایەن پەروەردەکانەوە لەرێگای لێژنەی تایبەت بە گوێرەی ژمارەی قوتابیان ئەو ژەمە خۆراکە دابەشی سەر قوتابخانەکان بکرێت، لەدوای وانەی سێیەم دابەش بکرێت، ئەوەش کاریگەری باشی دەبێت بۆ سەر تەندروستی قوتابیان و بێزار نابن لەوانەکان و بۆ گەشەکردنی لەشیان گرنگە بەتایبەت ئەگەر بێتو پێکهاتەی خواردنەکە پڕۆتین و ڤیتامیناتی تێدابێت.

### فیلمەتووندو تیژییەکان و کاردانەوەی لەسەر منداڵان

# منداڵێك: حەزمان لەشەڕە تەقەیە، لەقوتابخانەش هەر خەریکی شەڕەشەقم

فریاد داودی



لەمێژە شەڕ هەموو هەستێکی خۆشی و هەموو جوانییەکی لەژیانی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتەدا کووشتووە، کاتێك کەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بەفیلمە توندوتیژییەکانیان دێنە ماڵەکانمانەوە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵان بەجێدەهێڵێ لەهەمانکاتدا بووەتە خۆشترین یاری ئەمڕۆیان.

"سامان" یەکێکە لەو منداڵە بزێوانەی گەڕەکی کۆماری شاری خورماتوو، زۆربەی کاتەکانی بەتفەنگ، یان دەمانچەکەیەوە بەکۆڵانەکەیاندا دێت و دەچێ، بەدەم سرودی شەڕو بەحەماسەوە منداڵ کۆدەکاتەوە بۆیاری شەڕە تەقە، پاش ڕاکە ڕاکێکی زۆرو کۆکردنەوەیان لێمپرسی ئێستا چی دەکەی؟

بەهەناسە بڕکێوە وتی: حەزمان لەشەرە تەقەیە زۆر خۆشە، فیشەك دەنێین بەیەکەوە، هەڵدەکوتینە سەر جەماعەتی کۆڵانی ئەو دیو. ئەیانکوژین، هەرکەس بگرین تفەنگەکەی لێدەستێنین و حەپسی دەکەین. جاری واش هەیە تەنێك دەخەینە ملی و ڕایدەکێشین. کەپێموت ئەی ناترسی بخنکێ؟

خێرا وتی..نا..نا خۆبەڕاستی نایکەین، بەسووکی دەیخەینە ملی. ناخنکێ. بەپێی ئەوقسەی ئەو منداڵانە (ئازاد) زیرەکترین کەسە لەشەڕەتەقەدا ئەو لەهەموویان زیاتر تفەنگ و دەمانچەی هەیە.

لێمپرسی: بۆ حەزت لەشەڕە؟

لەوەڵامدا وتی: ئاخر شەڕ خۆشە، من لەمەکتەبیش هەر خەریکی شەڕە شەقم لەکاتی فرسەدا.

باوکی ئازاد لەبارەی کوڕەکەیەوە دەدوێ ئەو ڕۆڵی تەلەفزیۆنی بەکاریگەر وەسفکردو وتی: لەگەڵ دەرچوونی هەر فیلمێکی شەڕدا یا لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان کەتەقینەوەو کاری توندوتیژی نیشاندەدرێ ئەو لەگەڵیا دادەنیشێت تاکۆتایی فیلمەکە،یا هەواڵەکە. پاشان هەوڵدەدات لاسایی ئەوان بکاتەوە. ئەتوانم بڵێم بەبینینی ئەو شتانە جۆرێك توندو تیژی لەرارەوەکانی مێشکیدا دروستبووە. تەنانەت زۆرجار لەماڵەوە ڕووی تفەنگەکەم لێدەکاو دەڵێ:نەیەیتە پێشەوە دەتکوژم.

باوکی ئازاد لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: خەونەکانی ئازاد کۆتایی نایەت تاکو نەبێتە پاڵەوانێکی سیحری وەکو گرینداینەر. دواتر " عەبدولخالق ستار" لەبارەی ڕاگەیاندن و کاردانەوەو سلبیەکەی بۆسەر منداڵان وتی:

ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین زۆربەی هەواڵەکان تایبەتن بەکوشتن و تەقینەوە. نەك هەواڵی داهێنان کەبینەر لێی سوودمەند بێت. لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێت: دەزگاکانی ڕاگەیاندن هیچ گوناهێکیان نییە، کاتێك هەواڵێکیان پێ دەگات وێنەی کوشتن و تەقینەوەی تێدایە، خۆ دەبێت بڵاویبکەنەوە، بەڵام ئەگەر کاریگەری ئەو وێنانە کەمبکەنەوە بەوەی کەبەتەواوەتی پیشانی بینەرانی نەدەن باشترە.

(کەنعان) پیاوێکی تەمەن (٤٥)ساڵەو کوڕێکی خۆی لەگەڵدابوو، ئەوە بۆماوەی چەند ساڵێکە دوکاندارەو بابەت و وردە واڵەی منداڵان دەفرۆشێت وتی:

ئەو منداڵانەی کە کوڕن لەتەمەنی (٥)ساڵان تاکو نزیکەی (١٢)ساڵان حەزیان لەکڕینی دەمانچەو تفەنگە، بەڵام کچانی ئەم تەمەنە بەزۆری بووکە شوشە دەکڕن، بەڕای (کەنعان) کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە لاسایی گەورەکان دەکەنەوەو گەورەکانیش پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ چەك و سیاسەت و حیزبایەتیەوە هەیە.

لەوێدا کوڕە پێنج ساڵانەکەی قسەکەی بەباوکی بڕی و ڕووتێکردم و وتی: گەر باوکم پارەم بداتێ دەمانچەیەکی ڕاستەقینەی پێدەکرم و نایەڵم یەك پشیلە بێتە ماڵەکەمان.

لەکۆتاییدا دەڵێم قۆناغی منداڵی زۆر ناسك و گرنگ و هەستیارە، ئێمە دەتوانین جۆری خەوبینین و بیرکردنەوەیان ڕەنگرێژ بکەین. فەرامۆشکردنی ئەم قۆناغە کارەساتی گەورەی لێدەبێتەوە، ئەوکاتە نەوەیەکی شەڕانی توندو نادروست دێنێتەکایەوە. دەشێت ، حکومەت لەرێگەی دروستکردن و پشتیوانیکردنی دەزگا پەروەردەییەکانی دنیای منداڵ لەپرۆگرامی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێ نەوەیەکی نوێی هۆشیارو تەندروست لەکوردستان بخاتەوە.